هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی دادوەری

إقليم كوردستان / العراق
مجلس القضاء

Judicial Council

ژمارە : ١ / ٢٠١٦
ڕێکەوت : ٢ / ٢٧١٣ کوردی

Date: ٢٠١٣ / ٨ / ٢٥

**بۆ / سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر**

**سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی**

**سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆك**

**سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك / گەرمیان**

**ب / گشتاندن**

ئەنجومەنی دادوەری لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠١٣/٧/٣٠ تاوتوێی ئەو بابەتانەی خوارەوەی کرد لە ڕووی یاساییەوە .

١- دەسەڵاتی سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان لە ڕاگرتن ( توقیف ) بەپێ ی یاسای پارێزگاکان .

٢- ئامادە نەبوونی ئەفسەرانی پۆلیس لەبەردەم دادگاکان چ سیفەتێکی تۆمەتبار وە چ بە سیفەتی شاهید بەبێ ڕەزامەندی ( إذن ) مەرجەع بەپێ ی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی / یاریدەدەری بەڕێوەبەر بۆ کاروباری قەزاکان ژمارە ( ٢٦٢٥) لە ٢٠١٣/١/٢٣ و نووسراوی بەشی پۆلیسی ڕانیە ژمارە (٩٤١٧) لە ٢٠١٣/٦/٢٠ کە بۆمان هاتووە بەپێ ی نووسراوی سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی ژمارە (٣٣١٧) لە ٢٠١٣/٧/١١ ( کە هاوپێچن ) .

**ڕاسپاردەی ئەنجومەنی دادوەری .**

**یەکەم/** تایبەت بە خاڵی (١) ی سەرەوە بەپێ ی هەردوو **مادده/١٢** و **٣٧ یەکەم /ب** لە دەستوری عیراقی فیدرال بۆ ساڵی **٢٠٠٥** نابێ هیچ کەسێك گلبدرێتەوە وە یان ڕابگیرێت بۆ لێکۆڵینەوە تەنها بەپێ ی بڕیارێکی دادوەری ( قرار قضائي ) نەبێت وە دادگای باڵای ئیتحادی ئەو لایەنەی سەلماندووە بەپێ ی بڕیاری ژمارە **٦٦/اتحادية/٢٠١٢** لە **٢٠١٢/٩/٢٦** ( کە هاوپێچە ) ، هەروەها دەقی **مادده/١ – یەکەم** لە یاسای ژمارە **١٥** ی ساڵی **٢٠١٠** یاسای قەرەبوو کردنەوەی ڕاگیراوان و حکومدراوان لە کاتی بێ تاوانی لە هەرێمی کوردستان گونجاوە لەگەڵ دەقی دەستور ، بۆیە کار بە دەسەڵاتی یەکە ئیداریەکان لە بارەی ڕاگرتن کە لە یاسای پارێزگاکان هاتووە نابێ بکرێت .

**دووەم/** تایبەت بە خاڵی / **ب** ی سەرەوە بۆ ڕێکارە یاساییەکان دژ بە ئەفسەر و پۆلیس

| هەرێمی کوردستان / عێراق<br>ئەنجومەنی دادوەری | Judicial Council | إقليم كوردستان / العراق<br>مجلس القضاء |
|---|---|---|

ژمارە : ١ / ٠ / ٢١٦

ڕێکەوت : / ٢٧١٣ کوردی

Date: ٢٠١٢ / ٨ / ٢٠

بەپێ ی ماددەکانی ١١١ و ١١٢ و ١١٣ لە یاسای بنەماکانی دادگەری سزایی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٧ بۆ ساڵی ٢٠٠٨ کە کاری پێ کراوە لە هەرێمی کوردستان بەپێ ی یاسای ژمارە ١٣ ی ساڵی ٢٠١١ بەم شێوەی خوارەوەیە

أ- ناکرێ پۆلیس ئاگادار بکرێتەوە و یاخود تەکلیف بکرێت بۆ ئامادەبوون وە یان دەستگیر بکرێت ئەگەر لەسەر ڕەزامەندی وەزیری ناوخۆ نەبێت لە حاڵەتێ ئەنجام دانی کردارەکە کاتی جێ بە جێ کردنی ئەرکی فەرمی پۆلیسەکە.

ب- بۆ ئەفسەران تەنها لە تاوانی بینراو ( الجريمة المشهودة ) دەستگیر دەکرێن وە پێویستە تەسلیم بە مەرجەعی خۆی بکرێنەوە ، وە ئەگەر هاتوو تاوانەکە بینراو نەبوو ئەوا لە ڕێگەی مەرجەعی داوا دەکرێت ، وە ئەگەر دادگا بڕیاری گرتنی دەرکرد ئەوا لە مەرجەعی خۆی ماوەی بەندەکەی بەسەر دەبات .

ج- سەبارەت بە پلەکانی خوارەوەی ئەفسەر گشتیان ڕێکاری یاساییان لەگەڵدا دەکرێت وە پێویستە دەماو دەست ئاگاداری مەرجەعی بکرێت و لێکۆڵینەوە بە پەلە تەوابکرێت وە ماوەی لێکۆڵینەوە نابێت لە (٣٠) ڕۆژ تێپەڕ بکات .

د- پاش تەواو بوونی لێکۆڵینەوە ڕەزامەندی مەرجەع وەردەگیرێت بۆ ناردنی بۆ دادگای تایبەتمەند ( إحاله ) وە بەڕێز وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە ڕەزامەندی نەدات لەسەر ئیحالە کردنی ئەگەر بۆی دەرکەوت تاوانەکە بە هۆی ( هەڵسان بە کاروباری فەرمی یاخوود بە هۆیەوە ) بووە بە ڕاسپاردەی لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە ، وە نەدانی ڕەزامەندی دەبێتە هۆی ڕاگرتنی ڕێکارە یاساییەکان و لایەنەکان بۆیان هەیە تانەی یاسایی لە بڕیاری وەزیری ناوخۆ بدەن لە ( دادگای کارگێری ) .

**سێیەم/** ئەرکی دادگاکان تەنها بڕیار دانە بەپێ ی یاسا کار پێکراوەکان وە لەو بابەتانەی دێنە بەردەست و نابێت بە هیچ شێوەیەك دادگا لە بێ لایەنی ( حیاد ) دەربچێت . جێ بە جێ کردنی بڕیار لە ئەستۆی لایەنێکی ترە وە بۆ لایەنی داواکان و داواکاری گشتی هەیە تانەی یاسای لە بڕیارەکان بدەن وە یا داوای ڕێکاری یاسایی بکات لە جێ بە جێ نەکردنی بڕیارەکان ئەگەر ئەنقەست ( تعمد ) هەبوو لە جێ بە جێ نەکردنی وە هەر لایەنێکیش سەرپێچی بکات ئەوا خۆی بەرپرسیار دەبێت ، بۆیە کاری دادگاو دادوەری نیە خۆی تێکەڵ دژایەتی کەسی یەکە ئیداریەکان وەیان پۆلیس بکات چونکە سەروەری یاسا بەیەك لایەن ناپارێزرێت و هەماهەنگی و ڕێز لە هەیبەتی یەکتر گرتن و بە سینگی فراوان بەرژەوەندی گشتی دەپارێزرێت .

إقليم كوردستان / العراق
مجلس القضاء

هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی دادوەری

Judicial Council

ژمارە : ١ /
ڕێکەوت : ٢٧١٣ کوردی

Date: ٢٠١٣ / ٨ /

بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم نووسراوە بەسەر گشت دادگاکانی سەر بە ناوچەکانتان بۆ کارپێ کردنی .... لەگەڵ ڕێزدا .

أحمد عبدالله زبير
سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری

**وێنەیەك بۆ /**

- وەزارەتی ناوخۆ / بۆ ئاگاداریتان .... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی نووسینگەی ئەنجومەنی دادوەری / .... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان و کاروباری یاسایی / لەگەڵ بەرابیەکان .... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی مەڵبەندی ڕاگەیاندن لە ئەنجومەنی دادوەری / بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم گشتاندنە لە سایتی ئەنجومەنی دادوەری .... لەگەڵ ڕێزدا .

- دۆسیەی تایبەت .
- دۆسیەی نووسراوە دەرچووەکان .
- دۆسیەی خولاو .